# ئیتلاعاتی ئێران هەوڵەکانی




## عارف باوەجانی " بە دەیان جار بە چاوی خۆم بینیومە

**نڤار_ سەرنوسەر**

بەپێی زانیاریەکی نڤار ئیتڵاعاتی ئێران لە ڕێگای جیاوازەوە هەوڵی تەوا دەدات بۆ تێکدانی مێژوو و بەگژ داچوونەوەی هەر دوو کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور ئەوەش لەڕێگای چەند کەسێکەوە کە گومانیان لێدەکرێت سەر بە ساواکی دەزگای داپڵۆسێنەری کوردەکانەوە بن بەپێی دواین زانیاری کە لەلایەن کەسێکەوە درکێنراوە کە ئۆپۆزسیۆنەری ئێرانە، ئاماژە بەوە دەکات ئەو هەوڵانەی ئێران بەدەر لەوەی هەوڵی سیخوڕین لە هەمان کاتیشدا هەوڵی تێکدەرانە دەدات، بۆ ئەوەی باری ئارامی کوردستان تێکبدرێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆری سیاسەتمەدارانی جیهان و وڵاتانی ئەوروپا ڕوویان لە کوردستان کردووە، دواتر هەرێمی کوردستان بۆتە جێگای بایەخی ئەمەریکا و ئێرانیش لەو هەوڵە دەترسێت، بەرپرسێکی سیاسی کوردستان بە نڤاری ڕاگەیاند " بەهۆی ئەو سنورە نزیکەی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ تێیدان وای کردووە کە وڵاتانی دراوسێ هەوڵی ئەوە بدەن پێگەی خۆیان لە کوردستان قایم بکەن، جائەوە بەهەر جۆرێک بێت ئەوان هەوڵی بۆ دەدەن " .

دەربارەی ئەو هەوڵانەش ئاماژە بەوە دەکرێت ئێران بەچەند ڕێگەیە کەوە دەیەوێت کاری نهێنی خۆی بکات، یەکێک لەوانە کە گومانی لێدەکرێت ئێران لەڕێگای چەند دامودەزگایەکی خۆیەوە هەوڵێ تەزویر کردنی چەند بەڵگە نامەیەک دەدات کە پەیوەندی بە سەرکردەکانی کوردستان و حزبە کوردستانیەکانەوە دەبێت، چونکە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو چەند گۆڤارێک بەڵگەنامەیان لەسەر پەیوەندی چەند حزبێکی کوردستانی و ئێران بڵاو کردەوە، وێڕای ئەوەش چەند بەکرێگیراوێک کە ناوی قودس یان لە خۆیان ناوە هەوڵی ئەوە دەدەن مێژووی شۆڕشەکانی کوردی بەشێوەی دەسکاری بشێوێنن و لە ڕێگای چەند کەسێکەوە بڵاوی بکەنەوە، عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستی بەنڤاری ڕاگەیاند لە ماوەی مانگی ڕابردوو ئێران هەوڵێکی تەواوی داوە بۆ تێکدانی ڕەوشی کوردستان، ئەوەش لەڕێگای ئیتلاعاتی خۆیەوە بووە، بەجۆرێک ئاگر

**هەوڵێکی تەواو دەدرێت بۆ ئەوەی پشێوی و ئاژاوە بکەوێتە نێوان پارتی و یەکێتیەوە**



جولانەوەی ساڵی 1984ی ئێران